# کۆپلەیێک هۆنراوەی نوێ

ڕەحمان سۆفی

## دڵم سوورە

دڵم سوور و سەرم سەوزە
هەتاوی هیوام،
هەوری ڕوانگە،
ئاهەنگی پێکەوە بوون دەگێڕن.
بارانی چاوم،
کرێوەی سەرم
هەناسەی ژیان دەپێون.
پۆلی پەپوولەی ئاواتم
تارێک و ڕوون دەگۆڕن.
جارنا، هەوری ڕوانگەم
جارنا، هەتاوی هیوام پێشڕەوە.
دژبەر پالەوانی گەشەن.

هەوەڵ شەوی چلە گەورە، «شەوی یەلدا»
جۆلانەی ئاوات
دوای دوو بەتڵی شەو،

سەمای ئەنگوست و قەڵەم،

ئارەقی هەنییە،

لەسەر ڕەشە هێڵی سەر سپی.

پێڵوو نەبواردن

خەمی ئەوێنێکی جیاواز

لە جۆلانەی ئاواتدا ڕاژەندن

داخەکەم ئاسمانییە،

بە ئارەزوو نەبێ هەرگیز نای بینێ.

**گەشەی زەین**

باخچەی منداڵیم تێپەڕ کرد.

بیرم، لە کۆڵانی زەیندا،

لە پۆپەی بڵاڵووکدا،

دای لە شەقەی باڵ.

پێم لە پردی جاڵجاڵووکە بەجێ ما.

لەو بەری گۆمی گولاوەوە،

کاڕەی بەرخ و

هۆهۆی شوانە وێڵە

لە چەق و لوولی سەگوەڕدا

سەر سوورڕماو سوورڕ دەخۆم.

**وردە ئاوێنە**

مانگی من بووە هاوسێی ئەستێرە.

هەتاو خۆی شاردەوە.

پرچی ئەوینم،

بە پەنجەی پەلکە زێڕینە شانەکرد.

تاڵ تاڵەی قژی بوونە پڕشنگ.

هەناسەم هەوای کراوە،

توونیەتیم ڕووباری گوڵاوە،

سینەم باخچەی بولبولە

ئەوینەکەم زیزی کەژاوەیە

چاوەڕوان،

هەناسە سارد،

چاوی لێکناوە.

شەوی یلدایە چیرۆکی ئەوین

گڵکۆی منیش ئاوێتەی وردە ئاوێنە.

**جۆلانەی ئاوات**

دوای دوو بەتڵی شەو
سەمای ئەنگوست و قەڵەم
ئارەقی هەنییە،
لەسەر ڕەشهێڵی سەر سپی.
پێڵوو نابوێرم
خەمی ئەوێنێکی جیاواز
لە جۆلانەی ئاواتدا ڕادەژێنم،
داخەکەم ئاسمانییە
بە ئارەزوو نەبێ هەرگیز نای بینم.

**چاو**

چاوم بەرایی نادا
کە چاوەکانت گل بکەن
پڕ فرمێسک دەبێ چاوم
هاتو چاوەکانت ژان بکەن.
هیوادار بووم
چاوت بە چاویلکەوە نەبینم
ئێستا کە دکتۆری چاویش بێ هیوایە
چاویلکە تەنیا چارەسەری چاوی تۆیە

ئێرەیی دەبەم بە چاویلکە
چاو و برژانگتی داپۆشیووە
ئەوندە هەڵکشاوە، برۆشتی داگرتووە
سەیرە ! ئەوندەش داکشاوە
کوڵمی سوورتی تاراپۆش کردووە
ئاوات و هیوام بێ بەشی نەکردووم
خونچەی دوو لێوت
جوانی نیگامی ئاوێتەی
خۆشەویستی تۆ کردووە.

دوای سی ساڵی رەبەق
زەینی تاراوگەنشین
لە وڵاتی پیشەسازیدا،
لە شاری چراغانیدا،
لە شەقامی ڕازاوەشدا،
ڕۆژی نامۆ ڕەشە.
ڕەشتر، لە دڵی بەدکردار
ڕەنگی نامۆ زەردە،
زەردتر لە ڕەنگی بیمار.
پەنگی خواردوەتەوە پەژارە

تەنیا گزینگی هیوا،

خۆرەتاوی ورە

بۆی بوەتە مایەی تێکۆشان

و تا مردن، هەگیز کۆڵنەدان.

**چاوەکەم**

چاوەکەم! چاوت هەڵێنە و

بەو چاوە جوانە

بۆ دنیای ئاڵۆز بڕوانە

ئەمڕۆکە، لە خاکی بریندارردا

پێشبڕکێی مرۆڤ کوشتنە

لە هەق و ناهەق، خوێن ڕشتنە

مرۆڤ لە یێک نەبان و نامۆن

لە دەست ڕاستی ڕادەکەن

پەنا بۆ خەون و خەیاڵ دەبەن.

**باوەڕ**

دالآشی شەو کەپرەی سەرمە

ئەنگوستە چاوە، بەر پێ کەندە

چرایێک لە تاریکی هەڵدەکەم

دوو تابلۆی لێڵ لە پێش چاومە

دوو وێنەی وێەک چوو،

لە دووڕێیانی هەڵوێستدا

دەبێ هەڵبژێرم

ژیان قوربانی باوەڕ کەم،

یان باوەڕ قوربانی ژیان کەم

بەبێ سڵە، هەڵدەبژێرم

خۆم دەبمە قوربانی هەردووکیان.

**ڕوانین**

ڕەشبین دەستم برد بۆ دارتوو

پێکەنی، توو شیرین داباری

شاگەشکە بووم

پرسیم:«چۆنە گەورە شاعیر دەیفەرموو

تۆ لەگەڵ خاک دەزریکێنێ»

گوتی:«بەوەیە کە چۆن بڕوانی»

چاوم کراوە،

ڕەشبینیم ڕەنگی گۆڕی.

جوانە کچێک بۆمی نووسی بوو، هۆنەر بۆ گۆچانت بە دەستەوەیەو؟

وەڵام : بۆ ژوانی تۆ

مرواری دەریای خەبات بووم.

ڕێبواری ڕێی هات و نەهات بووم

خەڵتەی سێڵاوی شۆڕش بووم

دڵۆپی خوێنی گەلێک گەشم

ڕاماو، بۆ زەوی داچەماو

کۆڵنەدەری گیان خاراو

لە دوندی سپی، سپی سەرەوە

وردە هەنگاوم بەرەو کۆتاییە

کووڕ و کۆم، نزیکە زەوی

بۆ ژوانی تۆ دەبم، من نەوی.

**زوو --- درەنگ**

زووتر لە دایک بووم

کەچی درەنگتر فێر بووم.

هاوکووفەکانم،

لە لووتکەی خوێندن دا بوون.

کەچی من،

لە دەرەوەی پەرژینی زانکۆ و زانستگە،

دەمڕوانییە ئەوان.

فرمێسک نەبێ،

کەس نەبوو کە دڵخۆشیم بداتەوە.

یان ڕێوشوێنم نیشاندا.

**مانگی ڕێبوار**

مانگی من ڕێبوارەی شەوە

نێوان کەڕانەی چیا و ڕووبار

هاوتای خۆی لێ ونبووە

خۆر پڕشنگ پاشەکەوت دەکا

لە سێ کوچکەی گەردووندا

جێژوانی دیدەکانم

دەریا، زەوی و ئاسمانە.